وەزارەتی ناوخۆ
ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# ژووری هاوکاری مرۆیی هاوبەش بۆ بەخشین لە باجی گومرگ و هێنانی هاوکاری مرۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

## ناوەندی هاوبەشی هەماهانگی قەیرانەکان (JCC) لەگەڵ کەرتی دەستەی لۆجستی


## پێشەکی

وەک بەشێک لە کار و چالاکیەکان بۆ خۆ ئامادەکردنی کرداری و ڕێگە خۆشکردن بۆ ئۆپراسیۆنی موسڵ، دەستەی لۆجستی هەستا بە ئەنجامدانی ژمارەیەك کۆبونەوە لەگەڵ شارەزایانی لۆجستی لە نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نا حوکمیەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ روداو و کۆسپە لە ناکاوەکانی لایەنی مرۆیی. هاوبەشەکان ئەوەیان دیاری کرد کە خزمەت گوزاری وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی یارمەتی لایەنی سەرەکیە (بەتایبەت بۆ بابەتی پزیشکی) هەروەها ئاماژەیان بەوەدا کە وەرگرتنی مۆڵەتی بەخشین لە باجی گومرگ زیاتر لە ١٥ ڕۆژ کارکردنی دەوێت. بیرۆکەی یەک ژووری هاوکاری مرۆیی بۆ بەخشین لە باج پێشنیارێکی پێشوازی لێکراو بوو هەروەها بە یارمەتی سەرەکی ناوەندی هاوبەشی هەماهانگی قەیرانەکان دروستکرا.


## دەرئەنجام:

لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ وە تاوەکو ئێستا ژووری هاوکاری مرۆیی بۆ بەخشین لە خزمەتگوزاری بێ بەرامبەری دابینکردووە بۆ هەموو هاوبەشەکان و ڕێکخراوە نا حوکمیەکانی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی، خزمەتگوزاریەکان بریتی بوون لە بەخشین لە باج و کارئاسانی بۆ ئەوهاوکاریانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق.

کۆی گشتی بری پارەی یارمەتیە مرۆیەکان کە لە لایەن ژووری هاوکاری مرۆیی تۆمارکراوە




ژمارەی ئەو ڕۆژانە بۆ تەواو بوونی فایلەکان لە ڕێگای ژووری هاوکاری مرۆیی پێویست بووە





پێش دامەزراندنی ژووری هاوکاری مرۆیی لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، ڕێوشوێنەکان بۆ تێپەربوون لە گومرگی هەرێمی کوردستانی عێراق ماوەی ٣ هەفتە یان زیاتری دەخایاند، هەندێک جار لە حاڵەتی دیاریکراو ماوەی مانگێکی دەخایاند. یەک وێستگەی گومرگی بۆ بەخشین لە باج و کارئاسانی کردن بە بەردەوامی لە هاوڵدابووە بۆ دیاریکردنی کاتێکی کەم بۆ تەواو بوونی هەر فایلێک بە کەمتر لە ١٠ ڕۆژی کارکردن، لەگەڵ ئەوەش دا فایلە مانگانەیەکان جیاوازن بە گوێرەی بڕ و جۆر و کاتی گەیشتنی فایلەکان.


## ئامانج

ئاسانکاری وەڵامدانەوەی مرۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچەکانی تری عێراق بە بایەخدان بە کارکردن بە پرۆسەی بەخشین لە باجی گومرگ و کەمکردنەوەی ماوەی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ نیوەی ماوەی پێشوتر.

کۆی گشتی کێشی(تەن) ئەو هاوکاری مرۆیانەی لە لایەن ژووری هاوکاری مرۆیی تۆماکراوە




کۆی گشتی ژمارەی ئەو داواکاریانەی لە لایەن ژووری هاوکاری مرۆیی هاوبەش جێ بەجێکراوە




کۆی گشتی بەهای یارمەتیە مرۆییەکان کە لە لایەن ژووری هاوکاری مرۆیی تۆمارکراوە و مۆڵەتی هاوردەکردنی پێدراوە بە دۆلاری ئەمریکی

| تەمموز-٢٠١٧ | حوزەیران-٢٠١٧ | ئایار-٢٠١٧ | نیسان-٢٠١٧ | ئازار-٢٠١٧ | شوبات-٢٠١٧ | کانونی دووەم-٢٠١٧ | کانونی یەکەم-٢٠١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| $117,199,582 | $109,715,997 | $98,660,116 | $93,683,443 | $86,192,598 | $70,091,996 | $7,202,146 | $1,545,877 |